# ڕەنگدانەوەی ڕێککەوتنامەی (سایس پیکۆ- سازەنۆڤ) لەسەر کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی ١٩١٦

**پ.ی.د.پشکۆ حەمە تاهیر عبدولرەحمان**
**بەشی مێژوو- کۆلیجی زانستی مرۆڤایەتی**
**زانکۆی سلێمانی**

**پێشەکی :**

لەگەرمەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، هەوڵدان بۆ دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ودەستبەسەراگتنی نێوچە و هەرێمە دەوڵەمەندە وبەبەهادارەکانی بەگشتی و خاکی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بەتایبەتی، لەلایەن هەرسێ دەوڵەتی زلهێزی بەریتانی و رووسی و فەرەنسییەوە بووە تەوەری چالاکی و جموجۆڵێکی دیپلۆماسی و عەسکەری . چونکە ئەو هاوپەیمانانە بۆ بەهێزکردنی بەرەکەیان و ڕاگرتنی باڵانسی هێزییان دوای جەنگ ، کە لەلایان روون و ئاشکرا بوو عوسمانیەکان وەك دەوڵەتێکی دۆڕاو و ئیتر کاتیەتی میراتیەکەی دەبێت بەشکرێت، سەرەنجامی چەند گفتوگۆ و دانیشتنێکی دوو قۆڵی و سێ قۆڵی( بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیا) لەسەر دابەشکردنی دەوڵەوتی عوسمانی دوای جەنگ ڕێککەوتنێکی نهێنی لەژێر ناوی( سایکس پیکۆ- سازەنۆڤ) لە ئەیلولی ١٩١٦ز دا واژۆ کرا.

گرنگی و هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتێك لەژێرناونیشانی(ڕەنگدانەوەی ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ- سازەنۆڤ لەسەر کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ١٩١٦ز)دا، وەك ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراو، کە بە ووتوێژکردن لەنێوان فەرەنسا و بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٥ز دەستپێدەکات و بەواژۆکردنی ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ- سازەنۆڤ لەساڵی ١٩١٦ز دا ودابەشکردنی نێوچەکانی عوسمانی بە کوردستانیشەوە کۆتایی دێت، گرنگ وپڕ بایەخە چونکە نێوچەی کوردستانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەنەبێ بۆ ووڵاتانی واژۆکەری ڕێککەوتننامەکە نامۆبوون بەو جێگاو شوێنانەی هەریەکەیان چاوی تێبری بوو، دەیانوویست سامان و نەوتەکەی بۆخۆیان ببەن هەربۆیەش نێوچەکانی کوردستان لەو نەخشەی دابەشکردنەدا جێگەیەکی گرنگ بوو. هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکەش دەگەرێتەو بۆ کاریگەری ئەو ڕێککەوتننە لەسەر پرسی کورد و کوردستان لەساڵی ١٩١٦زەوە تاکو ئێستا.

ئامانجی و ڕێبازی توێژینەوەکە ، ئامانج لە توێژینەوەی ( ڕەنگدانەوەی ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ- سازەنۆڤ لەسەر کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی ١٩١٦ز)، لێکدانەوەیەکی بابەتیانەو ئەکادیمیانەیە بۆهەموو ئەو دەرهاویشتە نێگەتیڤانە ، کە سایکس پێکۆ- سازەنۆڤ لەساڵی ١٩١٦زدا بۆ سەر کوردستانی ژێر دەسەلاتی عوسمانی دایناوەو کوردستانی کردووە بە چوار پارچەوە، لەسەر بنەمای مێژوویی وسیاسیەتی نێودەوڵەتی بەپشت بەستن بە یاداشت و نووسراو بەڵگەنامەکانی ئەو سەردەم، بۆ ئەوەی سەرەتایەك بێت بۆ توێژینەوەکی فراوانتر و هەمەلایەنەتر، کەبخرێتە بەردەست. سەربابەت بە میتۆدی توێژینەوەکەش: لەو ڕوانگەیەوە ، کە میتۆدی توێژینەوەی زانستی لە نزیکەوە بەیەکداچوون و پێوەندیان بەیەکەوە هەیە، مەرج نیە، توێژینەوەکی زانستی تەنیا بەیەك ڕێبازی دیاریکراو وەك ڕێبازێکی زانستی لە شیکاری بابەتێکدا بگیرێتە بەر، بەڵکو زۆرجار ئەو ڕێبازانە بەپێی باروودۆخ و ئاستەنگ و بابەتەکان لەپێناو تەواوکردنی لایەنە جیاوازەکانی توێژینەوەکە دا، ڕێبازەکان بەناویەکدا دەچن و پێکەوە بەشێوەی جیاجیایش بەکاردەهێنرێت. بەپشت بەستن بەم ڕاستیە زانستیە لەم توێژینەوەیەدا پەنابراوەتە بەر بەکارهێنانی چەند میتۆدیکی جیاواز بۆ گەیشتن بەئامانج و شیکاری بابەتەکان، لەگەڵ میتۆدی زانستی مێژووییدا.

گرفت و سەرچاوەی توێژینەوەکە ، توێژینەوەدەربارەی (ڕەنگدانەوەی ڕێککەوتنامەی سایس پیکۆ- سازەنۆڤ لەسەر کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی ١٩١٦)، وەك بابەتێکی مێژوویی هاوچەرخی کورد، بێگومان لەسەرەتاوە گرفتی سەرچاوە و کاتی تەواوکردنی بۆ هاتەپێش ، بەڵام پاش هەوڵدانێکی زۆر توانرا بەسەر ئەو گرفتانەدا زاڵ بین و بەپشت بەستن بە دەیان سەرچاوەی جیاجیای وەك(ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی: سایکس پیکۆ و ترازانی جەمسەری کێشەی کوردی باشوور و د.ئیبراهیم خەلیل ئەحمەدو د. خەلیل عەلی موراد: ئیران و تورکیا توێژینەوەیەك لە مێژووی تازەو هاوچەرخ، و. بەهادین جەلال مسەفا و الان بالمر: موسوعە تاریخ الحدیپ ١٨٨٩-١٩٤٥، ت: سوسن فیصل السامرائی وێخرون و پرۆفیسۆر د. ئازاد نەقشبەندی : ڕێککەوتنامەی سایکس پیکۆ و کوردستان و سیروان ئەکرەم قەرەچەتانی: کاریگەری جەنگی جیهانی یەکەم ودووەم لە کوردستان و صالح محمد امین: کوردوعەجەم و د.پشکۆ تاهیر عبدالرحمن: بۆچوونی مێژوونوسان دەربارەی ڕۆڵی مەلا ئیدریسی بەدلیسی لەریککەوتنی نێوان عوسمانی ومیرەکوردەکان(١٥١٤ز). ئەم توێژینەوەیە لەپێشەیەك و دوو تەوەرە و ئەنجامێك پێکهاتووە، کە بەم جۆرەی لای خوارەوە داڕێژراوە:

تەوەری یەکەم// کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی ڕێککەوتننامەی (سایکس پیکۆ- سازەنۆڤ) لەساڵی ١٩١٦.

تەوەرەی دووەم// شوێنی کوردستانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەنێو ڕێککەوننامەی (سایکس پیکۆ- سازەنۆڤ)دا.

**تەوەری یەکەم: کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی ڕێککەوتنـــــامەی (سایکس پیکۆ- سازەنۆڤ) لە ساڵی ١٩١٦ز:**

سـایکس پیکـۆ-سـازەنۆڤ، ڕێککـەوتنێکی نهـێنی چاوچـنۆکیانەی وولاتـە ئیمپریالیسـتەکان بـوو، کەلەسـەروبەندی جـەنگی یەکـەمی جیهانیـدا بەسـترا بـەئامانجی دابەشـکردنی دارو پـەردووی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی،* کـە لـەو کاتـەدا بە(پیاوەنەخۆشەکە)ناسـرابوو.. چـونکە لـە بنەڕەتـدا فـاکتی هەرەگـەورەی شـەڕی یەکـەمی جیهـانی تـەماعی دەوڵەتەگـەورەکان بـوو بـۆ دابەشـکردنەوەی جیهـان بەگشـتی و عوسمـانی بەتایبـەتی، سـەرەتاپای دەوڵـەتانی شەڕکەرچاویان بڕیبـووە خـاکی عوسمـانی بـە کوردستانیشـەوە و بۆیـە بـە بەپەرۆشـەوە چاوەڕوانی میراتەکـەی بـوون . لەبـەر ئـەوە دەوڵەتەگـەورەکان لەسـەروبەندی سـاڵانی شـەڕدا بـەتاك و بـە کۆمـەڵ سـەرقاڵی نەخشـەدانان و پـیلان گێـران بـوو بـۆ جێبـەجێکردنی ئـەو مەبەسـتەیان کـە بـۆی چـوونەتە شـەڕەوە . تەنانـەت ئـەڵمانیای هاوپـەیمانی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانیش دەیوسـت خـۆی بـە تـەنیا ناوچـەکانی عوسمـانی داگیربکـات ، ئەگەرلەشـەڕەدا سـەرکەوتووبوو، ئەمـە و دوژمنـەکانی ،کـە لەبـەرەی هاوپەیمانیـدا کۆبببوونـەوە هەریەکـەیان پیلانـی خـۆی هـەبوو ، کـە دیـارە لەگـەڵ بەرژەوەنـدی تایبـەتی هەریەکەیانـدا بـەجۆرێکی جیـاواز دەگونجا.(١) بەتایبـەت دەوڵەتـە گـەورەکانی نێـو بـەرەی هاوپـەیمانی ، کـە پێکهـاتبوون لـە ( بـەریتانیا و فەرەنسـا ورووسیا)، بـەردەوام لەهـەوڵێ ئـەوەدابوون کەچۆن بتـوانن دەسـت بـە سیسـتەمێکی وەهابکـەن، کـە چۆن بتـوانن بەرنامەو وپیلانێکی باش دابڕێـژن لەسـەر ڕەوشـی ڕۆژهـەڵاتی نێوەراسـت و نێوچـەکانی ژێردەسـەڵاتی دەوڵـەتی وسمـانی .(٢) چـونکە ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی تووشـی داروخـانێکی خـراپ هـات لەجەنگـدا، ئەمـە وایکـرد بوونێکی وای نەمێنێت و وولاتە هاوپەیمانەکان بیرلە دابەشکردنی بکەنەوە(٣).

* عوسمانیەکان لەماوەیەکی زۆر کورتدا نیشانیان دا لە هـەموو تیرە تورکـەکانی تـر لێوەشاوەترن و توانای بونیادی دەسـەڵاتێکی مـەزنیان هەیـە، ( عوسمـانی کـوڕی ئـەرتوغرل ) کەلەسـاڵی ١٢٨٨ -١٣٢٦ فەرمانڕەوایـەتی عوسمـانی کـردووە ، دروسـتکردنی ئیمپراتۆریەتەکەی سەرەتا لە ئەنادۆڵەوە دەستی پێکردو خۆیان بۆ بەرانبەر دژەکانیان ئامادەکردووەو پاش گرتنی هەندێك شار لە بیزەنتیەکان وەك شاری( قەرەحەسار) کە دواتر کردیانە پێتەختی خۆیان، لەدوای عوسمانەوە چەندین سوڵتانی تر هاتن توانیان بە تەواوەتی بونیادی ئیمپراتۆریەتەکەیان بنێن و تا سـاڵی ١٩٢٤ لەدەسـەڵاتدا مانـەوە.( بۆزانیـاری تـر بڕوانـە/ ئۆرخـان مەجید عـەلی : السلطان عبدالحمید الثاني ، حیاته واحداث في عهده، مکتب دار الانبار ، بغداد، ١٩٨٧، ل١٦." ڕشاد مەجید : تورکیا لە دووڕیانی دەسـەڵاتی ژنەراڵەکانـدا وە دەسـەڵاتی سیاسـیاندا، هـەولێر، ١٩٩٥، ل١١." م.ڕ. هـاوار : کـوردو بـاکووری کوردسـتان لەسـەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهانی ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٣٥-١٣٦." محمد فرید بك المحامي : تأریخ الدولة العثمانیة ، دار الجیل، بیروت، ١٩٧٧، ل٤٠).

(١) کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردستان لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، کۆڕی زانیاری ، بەغدا، ١٩٧٥، ل١٥٣.

(٢) دەرسیم دیەگەیی: کوردستانی شاری موصڵ لەچەند بەڵگەنامەیەکی جیهانیدا، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٠٢،ل ٢٩١.

(٣) لازاریف.ن: مێژووی کوردستان، و. وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی، دەزگای چاپ وبڵاوکراوەی ڕۆژهەڵات، چ١، هەولێر، ٢٠١٥، ل٣١٩.

لەكۆتایی ساڵی (١٩١٥) ەوە دابەشكردنی میراتەكانی دەوڵەتی عوسمانی لە ئاسیا دا بووە كارێكی پێویست لەبەردەم دیپلۆماسییەتی هاوپەیمانان‌دا، سەرەنجام لەنێوان فەرەنسا و بەریتانیادا وتوێژ لە(١٩١٥/١١/٢٣ز) ەوە لە لەندەن دەستی پێكرد.[١] كەلەلایەن بەریتانیاوە جێگری وەزیری دەرەوە(ئارسەر نیكلس) نوێنەر بوو، دواتر گۆڕدرابە (سێرمارك سایكس) ، كە شارەزاییەكی باشی بەریتانی بوو لەكاروباری رۆژهەڵاتی ناوەراست، نوێنەری فەرەنساش كۆنسوڵی گشتی پێشووی بوو لە بەیروت كە(فرانسوا جۆرج پیكۆ) بوو.[٢] پاش گۆڕینەوەی چەندین نامە لە نێوان نوێنەری (بەریتانیا و فەرەنسا)[٣]، هەردوولا لەكەشوهەوایەكی زۆركپ و نهێنی دا كەوتنە بگرەوبەردەی دابەشكردنی ئەو شوێنانەی مەبەستیان بوو لە تێڕوانینی ئەو ڕۆژەیان وەك بنەمایەك بۆهەڵس وكەوت و ئەگەرەكانی ئایندەیان دوای جەنگ.[٤] دواجار، پاش مانگێك لەنامە گۆڕینەوە وتوێژكردن، (مارك سایكس –جۆرج پیكۆ) لەسەر نەخشەیەك رێككەوتن بۆ دابەشكردنی دەوڵەتی عوسمانی، كەبەنەخشەو رێككەتنی(سایكس –پیكۆ) ناسراوە وواژۆكرا.[٥] كەهەرلایەكیان دەیانوویست بەباری بەرژەوەندی خۆیاندا بشكێتەوە و زۆرترین بەشی بۆ ببێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەردوولایان واتە( بەریتانیا و فەرەنسا)، كۆك بوون لەسەر ئەوەی رووسیای تزاریش بەشداری پێبكەن لە رێككەوتنەكەی نێوانیان. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە:( بۆچی بەریتانیا و فەرەنسا ویستیان رووسیا بەشدار بێت لەو رێكەوتنە نهێنینەی نێوانیان؟).

بێگومان فاكتەری بەشداری پێكردن و ناویدەگرتنی پشكی رووسیا لەنێو رێكەوتنە نهێنەكەی بەریتانیا و فەرەنسا، كە بە(سایكس –پیكۆ) ناسراوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١– بەرلەدەستپێكردنی شەڕی یەكەمی جیهانی و لەگەڵ دەستپێكردنی شەڕیشدا، رووسیای تزاری خاوەند هێزێكی فراوان و گەورەبوو، كەلەوكاتەدا لەدوای بەریتانیاوە بەدووەمین هێزی گەورەی هاوپەیمانەكان هەژمار دەكرا، بۆیە نەدەكرا ئەو هێزە وەلاوبنرێت لەو كاتەدا.

٢– لەسەروبەندی جەنگی یەكەمی جیهانیدا رووسیای تزاری لەبەرەی هاوپەیمانی دابوو، كە لەگەڵ بەرەی نێوەند(میحور)دا دەجەنگان، لەشەڕەكانیشدا بەتایبەتی لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا پێگەیەكی گرنگی هەبوو لە شەڕدا لەبەرژەوەندی هاوپەیمانەكان ، بۆیە نەدەكرا بەشداری پێنەكەن لە رێككەوتنە نهێنەكەی نێوانیان.

(١) ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی: سایكس پیكۆ و ترازانی جەمسەری كێشەی كوردی باشوور، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٤.

(٢) عەبدولقادر شكاك: بارودۆخی كوردستان لەنێوان ساڵانی ١٩٠٥– ١٩٣٠، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان،سلێمانی، ٢٠١٣، ل٥٠.

(٣) رەفیق حلمی: یاداشت(كوردستانی عێراق و شۆرشەكانی شێخ مەحمود)، بەرگی یەكەم، بەغداد، ١٩٩٢، ل٤٩.

(٤) ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی : سایكس پیكۆ،ل ٢٤.

(٥) ئیبراهیم خەلیل ئەحمەدو د. خەلیل عەلی موراد: ئیران و توركیا توێژینەوەیەك لە مێژووی تازەو هاوچەرخ، و. بەهادین جەلال مسەفا، دەزگای چاپ و پڵاوكراوەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٧٠.

٣- رووسیای تزاری بەرلە جەنگی یەکەمی جیهانی ولەکاتی جەنگیشدا، وەك بەشێك لەلایەنی هاوپەیمانەکان دابوو، کەلەگەڵ بەرەی نێوەند(میحوەر)دا دەجەنگان ، لەشەڕەکانیشدا بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا پێگەیەکی گرنگی هەبوو لە شەڕدا لەبەرژەوەندی هاوپەیمانەکان، بۆیە نەدەکرا بەشداری پێنەکەن لەرێککەوتنە نهێنیەکەی نێوانیاندا.

٤- رووسیا تزاری بەرلە جەنگی یەکەمی جیهانی ولەکاتی جەنگیشدا ، وەك بەشێك لە لایەنی هاوپەیمانەکان لە جەنگدا بەچاوی زۆر پڕ بەرژەوەندیەوە دەیڕوانیە داروپەردووی دەوڵەتی عوسمانی کە سنوری فراوانیان هەبوو لەگەڵیدا، بۆیە نەدەکرا شوێنی جوگرافی وبەرژەوەندییەکانی رووسیا ناودیدە نەکرن لە ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی.

٥- مەترسی بەریتانیا و فەرەنسا لەکاتی شەڕو ودوای شەڕیش هەبوو ئەگەر بەشداری پێنەکەن، لەکاتی جەنگی یەکەمدا دەترسان ئاشکرا بێت رووسیا بداتە پاڵ بەرەی میحوەر یان دوای جەنگی یەکەم رووسیا جەنگێکی تر دژیان بەرپا بکات ، کاتێك لە بزانی بەرژەوەندییەکانیان بەرچاو نەگرتبوو.

دوای لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە و ئامادەکردنی پاك نووسێکی رێککەوتنەکەیان و نەخشەی دابەشکردنی پێویست( مارك سایکس و جۆرج پیکۆ) لەسەرەتای ئازاری ١٩١٦ز گەیشتە(بۆترس بۆرگ) و پوختەی کارەکەیان خستە بەردەم رووسەکان، کە(سازەنۆڤ)ی وەزیری دەرەوەیان نوێنەرایەتی دەکردن،[١] ئەمەش بەئامانجی رەزامەندی رووسیا لە سەر ئەو رێککەوتنامە نهێیە.[٢]

لە رۆژی(١٩١٦/٣/١٧ز) دا رووسیا بە بیرخەرەوەیەك وەڵامی فەرمی خۆی بۆ پێشنیازەکانی( بەریتانیا وفەرەنسا) دایەو رەزامەندی خۆی نیشاندا، بەو مەرجەی ئەوەی لە رێککەوتنەکەی ئازارو نیسانی ١٩١٥ داهاتووە دەربارەی ئەستەنبوڵ وتەنگەئاوییەکان و ئەرمینیای رۆژئاوا و هەندێ نێوچەی کوردی وعوسمانی وئێرانی، هەروەها پاراستنی جیاوکی کەنیسەی ئەرسەدۆکسی لەفەلەستین ، لەبەرانبەر ئەمانەش دا رووسیا دەست وەرنادات لە کاروباری ئەو نێوچانەی لەو هێڵە خەیاڵیەی بەئامێدی و جەزیرەی ئیبن عومەرو دیاربەکر ومەرعە و ئەدەنە دا بەرەوخوار بۆتەوە، بە کورتی ئەو نێوچانەی هێڵی پانی(٣٥°) پێدا تێپەر دەبێت.[٣] لەگەڵ ئەوەشدا دژی ئەوەبوو کە ئەو نێوچانە پێشتر بۆ فەرەنسا دانرابوو.[٤]

---

(١) ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، سایکس -پیکۆ، ل٢٨.

(٢) عەبدولقادر شکاك: بارودۆخی کوردستان لەنێوان ساڵانی ١٩٠٥ -١٩٣٠ ، ل٥٠.

(٣) ئەحمەد سەید علی بەرزنجی: سایکس -پیکۆ، ل٢٧-٢٨.، ایوب بارزانی : المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤-١٩١٨ ، ج١، دار نشر حقائق، المشرق، ل١٨.

(٤) عمر الديراوي: جەنگی جیهانی یەکەم، و. سەفین لاوچاك، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٤٢٩ . ، کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردستان لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ل١٥٩. " عبدالرحمن قاسملۆ: کوردستان و کورد، و. عبدالله حەسەن زادە، چ٢، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٥٠.

دوای ئەوەی رووسیا چەند داوایەکی هەبوو لەهەردوو دەوڵەتی (بەریتانیا و رووسیا) کە نەخشەی نهێنی سایکس پیکۆیان کێشا بوو، سەرەنجام ئەو دوودەوڵەتە توانیان رووسیا قایل بکەن و دوابەدوای ئەمە لە (٢٦ ی ئایاری ١٩١٦)دا رێککەوتنێکی فەرمی لەنێوان( بەریتانیا و فەرەنساو رووسیا) واژۆکرا، کە بەرێککەوتنامەی (سازەنۆڤ- بالیۆلۆگ) ناسراو بوو بە بەشێکی دانەبڕاو لە رێککەوتنی گشتی نێوان بەریتانیاو فەرەنسا و رووسیا.[1]

پاش وتوێژ و دانیشتنێکی زۆر،هاوپەیمانەکان گەیشتنە ئەوەی لەسەر حیسابی بەرژەوەندییەکانی گەلانی رۆژهەلات بەگشتی و دەوڵەتی عوسمانی رێك بکەن و، لە کۆتایی نیسانی ١٩١٦دا فەرەنسا پێشنیازەکانی (سازانۆڤ)ی رووسیای پەسەند کردو لە(٩ بۆ ١٦)ی مایسی ١٩١٦ دا لەلەندەن پاك نووسی کۆتایی رێککەوتنەکە لەنێوان ئینگلیزو فەرەنسا دا ئالوگۆڕ و ئامادەکراو لە(١ ی ئەیلولی ١٩١٦) شدا، رووسیا واژی کرد.[2] بەم جۆرە رێککەوتنامەی (سایکس پیکۆ-سازەنۆڤ*) ، پاش هەول و بێنەو بەرەیەکی زۆر لە نێوان ئەو سێ دەوڵەتە زۆر بەنهێنی و لەپشت پەردەیەکی ئەستووری شاراوەوەدا کرا[3], بۆیە بەیەکێك لە دڕەندانەترین رێککەوتنامەکان دەناسرێت لە مێژوویی ئیمپریالیستیدا.[4] تەنانەت هاوپەیمانەکانی تریان بەگشتی و ئیتالیا بەتایبەتی ئاگای لێ نەبوو، بەڵام کاتێ پێی زانی داوای بەشی خۆی کرد و ئەوانیش بۆیان دیاری کرد.[5]

پێکهاتنی گشتی بەریتانی وفەرەنسی و رووسی لەسەر جۆری دابەشکردنی رۆژهەلاتی ناوەراست و بەشی هەریەکەیان تەواو بوو، کە تێکڕا بریتی بوو لە (١١) مادەو پێنج ناوچەی دابەشکراوی کە بەم جۆرەی خوارەوە دیاریکرا بوو:-

یەکەم : ناوچەی شین، بریتی بوو لە هەرێمەکانی رۆژئاوای سوریاو لوبنان لەگەڵ کیلیکا و عینتاب و ئۆرفەو ماردین و دیاربەکر و هەکاری بدرێ بەفەرەنسا و و دەسەلاتی تەواو تیایاندا هەبێت.

---

(١) کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردستان لەسالانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا: ل١٥٩. " محمد عەبدوڵلا کاکەسور: گۆڤاری مێژوو، ژمارە(٧) ، هاوینی ٢٠٠٨، ل١٣٠. " عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: تێڕوانینێکی بۆ دۆزی کورد، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠١ ، ل١٠.

(٢) عەبدولقادر شکاك: بارودۆخی سیاسی کوردستان لەنێوان سالانی ١٩٠٥- ١٩٣٠، ل٥٠ . " ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی : سایکس پیکۆ ، ل٢٨. " م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردشتان، بەرگی یەکەم، جاف پیرێس ، لندن، ١٩٩٠، ل٣٣١.

* ئەم رێککەوتنە نهێنیە لە بەرئە وەی لەنێوان( بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیا)دا واژۆکراوە، بۆیە زۆرجار بەم ناوە دەناسرێت، بۆیە پێمان وایە ئەم ناوە راسترنیە، هەر بۆیە ناونیشانی توێژینەوەکەمان واناوە( توێژەر) .

(٣) الان بالمر: موسوعه تاريخ الحديث ١٨٨٩-١٩٤٥، ت: سوسن فيصل السامرائي وآخرون، ج٢، بغداد، ١٩٩٢، ل٢١٣.

(٤) د.سامان حوسێن ئەحمەد و د. بەختیار سەعید مەحمود: مێژوویی هاوچەرخی تورکیا، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٤ ، ل٢٧. " پرۆفیسۆر د. ئازاد نەقشبەندی : رێککەوتنامەی سایکس پیکۆ و کوردستان ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ، ژمارە(٧)، ئابی ١٩٩٨، ل٦.

(٥) ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی: سایکس -پیکۆ، ل٢٨-٢٩.

دووەم : ناوچەی سوور، بریتی بوو لە بەشی خوارووی ویلاتی بەغداد لەگەڵ ویلایەتی بەسرە و هەردوو بەندەری حەیفا و عەککا، بۆ ئینگلتەرا.

سێیەم : ناوچەی قاوەیی، کەپێکهاتبوو لە پاشماوەی خاکی فەلەستین* ، دەکەوێتە ژێر چاودێری نێودەوڵەتییەوە، بۆ ئەمە رووسیا لەگەڵ دەوڵەتە رۆژئاواییەکاندا پێك دێت.

چوارەم : ناوچەی (A) پێکهاتبوو لە بەشی رۆژهەڵاتی سوریا و ووری عێراق،، هەرێمێکی ژێر دەستی فەرەنسا دەبێت.

پێنجەم: ناوچەی (B) پێکهاتبوو لە ئوردون و ناوەراستی عێراق، ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا دەبێت.[(1)]

هەرچی بەشی رووسیاش بوو، بریتی یەلە( ئەرزرۆم و تەرابزۆن و ران بێلیس لە رۆژئاوای تەرابزۆن تا سەر دەریای رەش).[(2)] لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك پرس لە رێککەوتنەکەدا بە تەمومژاوی مابوونەوە، بەپێی ئەو یادداشتەی (مارك سایکس وجۆرج پیکۆ) بەسازەنۆۆ وەزیری دەرەوەی رووسیایان دابوو کەلێن بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی یان فیدراسۆنێکی عەرەبی لە دوو نێوچەی(A)و(B)دا هێڵدرابۆوە.[(3)] ئەوەی سەبارەت بە شوێنی کوردستانیشە* لەنێو رێککەوتنامەی(سایسك پیکۆ- سازەنۆۆ)، ئەوا کوردستانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی جارێکی دیکە دابەشکرایەوە بەسەر وڵاتە ئیمپریالیستەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان.

رێککەوتنامەی (سایکس پیکۆ- سازەنۆۆ) بۆماوەی ساڵێك و چەند مانگێك بەنهێنی مایەوە ولەگەڵ بەرپابوونی شۆرشی (ئۆکتۆبەری ١٩١٧ز) لە رووسیا و سەرکەوتنی شۆرشەکە و ئەوکاتەی کاربەدەستانی نوێ ی رووسیا بەپێی رێککەوتنی (برست - لیتۆفسکی) * ، لەگەڵ ئەڵمانیا بریاری کشانەوەیاندا لەشەڕی جیهانی یەکەم دا، لەهەمان کاتدا بریاری دا هەرچی پیلانی ئیمپریالیستیە ئاشکرا بکەن، کەچۆن وڵاتە زلهێزەکانی دونیا

---

* ئەوەی جێ تێڕامانە ئینگلیز لەوکاتەدا بەدوو بەڵێنەوە بەسترابوو، یەکێکیان بۆعەرەب کە بەڵێنی پێدابوون بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی بەسەرۆکایەتی( شەریف حوسێن) لەناوچەی (حیجاز و نەجدو هەموو وسوریا و میزۆپۆتامیای باشوور)، بەڵێنی دووەمیش داربوو بە( جولەکە)، بەدامەزراندنی دەوڵەتێك لە فەلەستین، ئەم دوو بەڵێنە لە ساڵانی دواتردا بەتوندی دژبەیەکەوە بوونەوە ، چونکە دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ جوولەکە لە فەلەستین سەد لەسەد پێچەوانەی ئەو بەڵێنەبوو کە درابوو لە عەرەب. ( السيد عبدالرزاق الحسيني: تاريخ العراق السياسي الحديث،ط١، لبنان،١٠٥٧، ل٧٠-٧١).

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی: سایکس پیکۆ، سلێمانی ، ٢٠٠٠، ل١٤١ . " عەبدولقادر شکاك: بارودۆخی سیاسی کوردستان لەنێوان ساڵانی ١٩٠٥-١٩٣٠، ل٥٠-٥١ . " رەمزی قەزاز: مبارزات سياسى و رۆشنفکری کرد.( درپایان قرن نوزهم تا اوسط قرن ستم)، ت: احمد محمد ، بێ ساڵ و شوێنی چاپ، ل٥٤.

(٢) عەبدولقادر شکاك: بارودۆخی سیاسی کوردستان لەنێوان ١٩٠٥- ١٩٣٠، ل٥٠.

(٣) فەرید ئەسەسەرد: کوردستان ومەسەلەکانی ئەمنی قەومی، ل١٤١.

* تەوەری دوەم لە ژێر ناونیشانی (شوێنی کوردستانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەنێو (رێککەوتننامەی سایکس پیکۆ- سازەنۆۆ) دا.

* ئەم پەیماننامەیە کۆتایی هێچنا بەبەشداریکردنی رووسیا لە جەنگی جیهانی یەکەم ، کەلە رۆژی ٣/ئازاری ١٩١٧ واژۆ کرا. (توێژەر).

یاری بە چارەنووسی میللەتان بەگشتی و رۆژهەڵاتی نێوەراست بەتایبەت دەکەن و لەناوخۆیاندا خاك وسامانەکانیان دەبەخشنەوەو پارچە پارچەی دەکەن.[1] ئەوەش لەچوارچێوەی ئاشکراکردنی دیکۆمێنتە نهێنیەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەوەرەی رووسیا دابوو.[2] سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنەکەش دوو بۆچوون هەیە، کە بریتین لە :

یەکەم: شۆرشی ئۆکتۆبەری ۱۹۱۷ رووسیا، سەرەنجامی خراپبوونی رەوشی( سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی) رووسیا لە لەسایەی دەسەڵاتی رەهای قەیسەرەکان رووسیا و زیانەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و خراپی حوکمکردنی دەسەڵاتدارانی رووسیا، هاوڵاتیانی والێکرد هەموو هەوڵێکیان بۆ رزگاربوون بێت لەو بارودۆخەی تێیکەوتوون، هەر بۆیە زنجیرەیەك مانگرتن و خۆپیشاندان ڕوویاندا کە بەسەرەتایی خەبات و پێشینەی شۆرش دادەنرێت، لە(۱۸ی تیشرینی یەکەمی ۱۹۱۷)دا نوێنەرە رێکخراوە شۆرشگێرییەکان ئەویان وەبیرهێنایەوە کە راپەرین و چالاکییە سەربازییەکان عەفەوی بوون و رێکخراو نەبوون . بەڵکو ئەنجامی رق وکینەی جەماوەری وایکردبوو کە هێرشیان دەکرد سەر سەربازگەو دەزگاکانی حکومەت، دواتر سەندیکای کرێکاران دروست بوو بەسەرۆکایەتی(پارتی سۆسیال دیموکراتی رووسی)کە پێیان وابوو دەبێت دەسەڵاتی دەزگاو دامەزارەکان بکەوێتەدەستی کرێکارو جەماوەر.[3] بۆیە مانگرتنی کرێکاران لە مۆسکۆوە دەستی پێکردو دواتر هەموو شارەکانی تری گرتەوەو، لەلایەکی دیکەشەوە لە(۱۷ نیسانی ۱۹۱۷)دا، "لینین" بۆسەرکردایەتی شۆرش لەسەر شانۆی رووسیا بەدەرکەوتوو،[4]بەو جۆرە بەپێی ئەو بەرنامەیەی بۆ شۆرشەکە دارێژرا بوو هێزی کرێکاران وسوپای سەربازی و کەشتی یەکانیان توانیان دەست بەسەر خاڵە گرنگە و دەزگا فەرمیەکانی پێتەخت و هەموو نیوچەکانی رووسیادا گرت و کۆتاییان بە حوکمی قەیسەری هێنا و حوکمێکی کۆمارییان راگەیاند و یەکێتی سۆفیەتی نوێ پێکهات.[5] بەسەرکەوتنی شۆرش و دەوڵەتی نوێ لە جەنگ کشایەوەو وازیشی لە تەواوی داگیرکەر رێکەوتنە نهێنی و ئاشکرا و ئیمپریالیسیتەکان هێناو بەم جۆرەش (سایکس پیکۆ- سازەنۆڤ) ئاشکرابوو بۆتەواوی وڵاتانی دونیا بەگشتی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەتایبەتی ، کە هەمووان پێی سەرسام بوون.

---

(۱) بڕوانە// پرۆفیسۆر ئازاد نەقشەبەندی: رێککەوتنامەی سایکس پیکۆ و کوردستان، ل٦. " د.مارف عمر گوڵ: کێشەی کەسایەتی یاسایی نێو نەتەوەیی گەلی کورد، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٥٥.

(۲) پرۆفیسۆر ئازاد نەقشەبەندی: رێککەوتنامەی سایکس پیکۆ و کوردستان، ل٦.

(۳) تروکان ضیة بلسون: تأریخ ثورة اکتور الاشتراکیة العظمی، ت: سامي عماد، موسکو الاتحاد السوفتیة، ب.س.ط، ل١٠٥-١٠٦.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ڤ. بەڤیکین: شۆرشی ١٩٠٥-١٩٠٧ رێی بۆ شۆرشی ئۆکتۆبەر خۆشکرد، و. محمد مەلا کەریم، بەغداد، بەغداد، ل١٩-٢٠ . " جەواهیر لا نەهرۆ: چاوخشاندنێك بە مێژوویی جیهاندا، و. رووف محمد زهد، بەرگی دووەم، بەغداد، ١٩٩٠، ل٦٠-٦١.

(٥) د.محمد محمود صالح و د. یاسین عبدالکریم و د.نوری السامرائي: الدول الکبری بین الحربین العالمیتین ١٩١٤- ١٩٤٥، بلاسنة ومکان طبع، ب١٥٤.

دووەم: بەشـــداریکردنی ئـــەمریکا لەجـــەنگی یەکـــەمی جیهـــان، درێـــژە کێشـــانی جـــەنگ زیـــانێکی زۆری گەیاندبەلایەنـە شـەڕەکەرەکان، ئـەوەی جێگـای ئامـاژەیـە" ولایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا" هەرلـە سـەرەتاوە بێلایەنی خۆی لە جەنگ ڕاگەیاند و بەردەوامبوو لەسەر جێبەجێکردنی بنەماکانی(مۆنرۆ).[1] بەڵام ئەمریکا نـەی توانی درێژە بەوسیاسەتەیان بدەن وخۆیـان لـە جـەنگ بپارێزن، کۆمەڵـە هۆکارێـك* وایـان لـە ئـەمریکا کـرد بچنـە جەنگەوە ولە جەنگیشدا ببن بە هاوکاری بەرەی هاوپەیماننان.[2] بەشداری ئەمریکا لەجەنگدا کاریگـەری هـەبوو لەســەرنەگرتنی( رێککەوتنامــەی ســایکس پیکــۆ- ســازەنۆڤ)، چــونکە بەبەشــداری ئــەمریکا چــارەنووس و جێبـەجێکردنی ئـەم رێککەوتنـە گـران بـوو، وا دەردەکـەوێت هەرسـێ دەوڵـەت هـەوڵیان دابێـت رێکەوتنەکـە لەناوبـەرن، لەوانـە( کلایتـۆن و لـۆرد کیرزۆن و نوسینگەی عـەرەبی و بەتایبـەتی مـارك یـایکس) یـش، هـەروەها سـەرۆك وەزیران(لوید جۆرج)خۆشـی وای دەبینـی کـەوا خێرایـی رووداوەکـان پـێش رێککەوتنامەکـە کـەوتووەو لـەناوی بـردووە.[3] (مـارك سـایکس) لەنامەیەکـدا کـە بـۆ جەنـەراڵ وینگـت وکلایتـۆن دەنووسـێ، لەوبارەیـەوە دەڵێت:" دەبێت واز بێنین لەم رێککەوتنامەیە و پشت گوێ ی بخەین، بەهۆی ئەو رووداوە یەك لەدوای یەکانـەی کـەهاتن، وەك هاتنـە نـاوەوەی ویلایەتەیـەکگرتووەکان بـۆ جـەنگ و راگەیانـدنی ١٤ بەندەکـەی وڵسـنی سـەرۆکی ئـەمریکا".[4] بـەم جـۆرە بەشـداریکردنی ئـەمریکا لەشـەڕەی یەکـەمی جیهـانی و شـۆڕشـی ئۆکـۆتبـەری ١٩١٧ی رووسیا، فاکتی سـەرەکی بوون لەهەڵوەشـاندنەوەو ئاشـکرابوونی رێککەوتنامـەی (سـایکس پیکـۆ- سـازەنۆڤ) ، بەڵام ئەو نەخشەی دایرشت بوو سەبارەت بە دابەشکردنی کوردستان تارادەیەکی زۆر جێ بەجێکرا.

---

(١) عبدالعظيم رمضان: تاريخ اوروبا والعالم في العالم الحديث (من ظهور البورجوازية الاوروبية الى الحرب الباردة)، ج٣، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ل٨٠-٨١.

* هۆکارەکـانی بەشـداریکردنی ئـەمریکا بـۆ جـەنگی یەکـەمی جیهـان ، دەگەڕێتـەوە بۆئەمانـە:( ١- سـووربوونی ئـەڵمانیا لەسـەر شەڕفرۆشتن بە کەشتیوانانی بازرگانی وڵاتانی بێ لایەن لە جەنگ. ٢- کشانەوەی رووسیای قەیسەری لە جەنگی یەکەمی جیهان. ٣- هاندان و ئارەزووی وڵاتانی هاوپەیمانان بۆ بەشداریکردنی ئەمریکا لە جەنگ لەپاڵ بەرەی هاوپەیمانی دا دژی ئەڵمانیا. ٤- فشاری گەورەی یەهوودییەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەمریکا کە بەشداری جەنگ بکات و دوواتر بەڵێنی بلفۆر لەگەڵ بەریتانیا جێ بەجێ بکەن. ٥- ئابووری ئەمریگا رووبەرووی کێشەیەکی زۆر بووەوە، لەبەر ئەوەی ئەمریکا قرەزێکی ۆری دابوو بە بەریتانیا و فەرەنسا، بۆیە هاوکاری بەرەی هاوپەیمانی کرد بۆ ئەوەی لەشەڕدا سەرکەوتوو بن و قەرزەکەی بدەنەوە.( بۆزانیاری زیاتر بڕوانە // فرانك أل شوئل : امریکا چگونا امریکا شود (تاریخ ایالات متحد امریکا ) ، و : ابراهیم صدقیانی ، چ٣ ، سپهر، تاران، ١٣٨٣ ه،ل ٢٧٦ ." اسماعيل ئەحمەد ياغی : معالم التأريخ الامريكي الحديث ، نشأة الولايات المتحدة الامريكية ، الناشر مكتب الجيكان، الرياض ، ٢٠٠١ ، ل١٨٥ ." تشارلز ماري بيرو: تأريخ ولايات المتحدة الامريكية ،ج٣، منشورات مكتب الاطلس، ل١٦٨ ." علي حيدر سليمان: تأريخ الحضارات الاوروبية الحديثة ، دار واسط للدراسات وللنشر والتوزيع، بغداد، ١٩٩٠، ل٣٧٣ ." علي حسين وجاسم وحسن العدول و عبدالجبار قادر غفور: دراسات في التأريخ الاوروبي الحديث والمعاصر ، جامعة الموصل، ل٢٥٤),

(٢) محمد ئيحسـان: ململانێیـە نێودەوڵەتیـەکان لـە سـەدەی بیسـتەمدا، و. ئاسـۆ کـەریك و کامـەران مـەنتك، چاپخانەی وەزارەتـی پەروەردە ، هەولێر، ٢٠٠١، ل٨٥-٨٦.

(٣) جرجيس فتح الله: يقظة الكرد وتأريخ سياسي ١٩٠٠-١٩٢٥، طبعة وزارة التربية، اربيل،٢٠٠٢، ل١١٩.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل١٢٠.

**تـەوەری دووەم : شـوێنی کوردسـتانی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی لـەنێو ڕیککەتنامەی(سـایکس پیکـۆ- سازەنۆڤ)دا :-**

**سـایکس پیکـۆ- سـازەنۆڤ واتـە جـارێکی تـر دابەشـکردنەوەی کوردسـتان ، کەواتـە بـەر لەبەسـتنی ئـەم پەیماننامەیـە کوردسـتان بەگشـتی دابەشـکراوە، دیارییشـە ئـەو دابەشـکردنانەی بەسـەر کوردسـتاندا هـاتووە، بەرئـەنجامی شـەڕو ململانێـی نێوچـەیی ونێودەوڵـەتی بـووە، بەتایبـەت شـەڕی(چاڵدێران) * سـاڵی ١٥١٤ی نێـوان عوسمانی وسەفەوی، دواتر لەئەنجامی ئـەو ململانێیانـەی نێـوان (عوسمـانی و سـەفەوی) ڕێککـەتنامـەی (زەهـاو) *ی ١٦٣٩ی بـەدواداهات کـە ئـەمـە بـە یەکـەمین دابەشـکردنی کوردسـتان هـەژماردەکرێت بەشێوەی فـەرمی تـاکو**

* شـەڕی چـاڵدێران ئەوشـەڕە بـوو لـە (٢٣ی ئـابی ١٥١٤) لـەنێوان عوسمـانی بەسـەرکردایەتی سـوڵتان سـەلیم و سـەفەوییەکان بەسەرکردایەتی شا ئیسماعیل روویدا، بەهۆی (فراوانخوازی وپێکدادانی بەرژەوەندییەکانی عوسمان و سەفەوی، ناکۆك مەزهـەبی، شـوێنی سـتراتیژی کوردسـتان وچـەند فاکتـەرێکی لاوەکـی وەك " رقـی کەسـێتی سـەلیم لـە ئیسـماعیل لەیـەك و دەسـتگرتنی بەسەرچەند نامەیەك لەنێوان سەفەوی و ڕۆژئاوا و سەفەوی و نەیارەکانی عوسمانی لە ڕۆژهەلات بۆ لێدان لە دەسـەڵاتی عوسمانی " و .. هتـد)، ئـەنجامی شـەڕەکەش بەسـەرکەوتنی عوسمـانی و شکسـتی سـەفەوییەکان کەوتـەوەو، بـەجۆرێکی وەهـا تـەورێزی پێتەختی سەفەوی کەتە دەست عوسمانی . ئەم شەڕە کاریگەری زۆری بەسەر کوردستانەوە بەجێهێشتووە، لـە گرنگترینیـان بـریتن لە:

١- شـەڕی چاڵدێران و سـەرکەوتنی عوسمـانی خـاڵێکی وەچـەرخانی گـرنگ بـوو بەنیسـبەت ڕۆژهـەڵاتی نێوەراسـت بەگشـتی و کوردستان بەتاییەتی ، چونکە پێش هـەموو شتێك بووە هـۆی دابەشـبوونی کوردستن لـەنێوان( عوسمـانی وسـەفەوی دا، کەبەشـە گەورەکەی کەوتە لای عوسمانی وبەشێکی بچوکیشی بۆ سەفەوی.

٢- لەلایەکی ترەوە بەشێکی گرنگی هێزی عوسمانی و سەفەوی لە خێڵە کوردیەکان پێکدەهاتن، بۆیە لـەکاتی شـەڕدا هێزێکی مرۆیی کورد توشی لەناچوون بوون هاتن.

٣- لەرووی هێمنی و ئاسایشەوە ئەم شەڕە هیچ جۆرە ئارامی و هێمنیـەکی بۆ کوردسـتان فەراهـەم نـەکرد، بگرە لـەماوەی سـێ سەد ساڵی پاش شەڕەکە کوردستان ببووە مەیدانی شەرێکی بێوەستان و بەردەوامی نێوان عوسمانی و سەفەوی (ئێرانی).

٤-یـەکێکی تـر لـە کاریگـەرییـەکانی جـەنگی چـاڵدێران لەسـەر کوردو خاکـەکـەی، کـەمنـد کێشـکردنی کـورد بـوو بـەلای عوسمـانی بەهۆی لێکنزیك بوونەوەی میرە کوردەکان وسوڵتانی عوسمانی بەهاکاری (مەلائیدریسی بەدلیسی)، ئەم پەیمانانـە فالکتێکی تـر بوو لە دابەشکدرنی کوردستان و پارچە پارچەبوونی کورد.(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// سەعدی عوسمان: کوردستان بەرلەچوونەناو دەسـەلاتی عوسمـانی، گۆڤـاری سـەنتەری برایـەتی، ژمـارە(١) شـوباتی ١٩٩٩، ل١٦٦." د.پشـکۆ تـاهیر عبـدالرحمن: بۆچـوونی مێژوونوسـان دەربـارەی ڕۆڵـی مـەلا ئیدریسـی بەدلیسـی لەریککـەوتنی نێـوان عوسمـانی ومیرەکوردەکـان(١٥١٤ز) ، گۆڤـاری ئەکادیمیانی کوردستان ، ژمارە(٣)، حوزەیرانی ٢٠١٥، ل٥١ . " محمود الدورة: القضية لاكردية، ط٢، منشورات الطليعة، بيروت، ١٩٩٦،ل٤١ ." اسماعيل بيشكچي: النظام في الاناضول الشرقية(الاسس الاجتماعية- الاقتصادية والبنى القومية)، ت.شكور مصطفى ، ج٢، ئاراس ، اربيل، ٢٠٠١، ل١٨-٢٢." نەجات عەبدوڵلا: کوردستان وکێشەی سنوری عوسمانی -فارسی ١٦٣٩-١٨٤٧، چاپخانەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، هـەولێر، ٢٠٠٠، ل٨٨ ." م.س. لازاریـڤ: کێشـەی کـورد ١٨٩٦-١٩١٧، و. د.کـاوس قـەفتان، بەغـداد، ١٩٨٩، ل٤٣ ." سـاڵح قـەفتان: مێـژووی گـەلی کـورد لـە کۆنـەوە تـا ئـەمرۆ، بەغـداد ،١٩٦٩،ل٣٤٠." صـادقی شەرەفکەندی: کورتە مێژووی بزوتنەوایەتیەکانی کورد، و. تـەها تـەتفی، چاپخانەی ئاپیك، سوید، ١٩٩٥، ل١٢ ." جـەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، و. کردۆ، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، ١٩٨٥، ل٨١).

* دوای داگیرکردنەوەی بەغداد لەلایەن عوسمانیەکانەوە لەساڵی ١٦٣٨ کەماوەی پازەدەساڵ بوو لـەژێر دەسـەڵاتی سـەفەوییەکاندا بوو،(شا صفی) چەند جارێك نوێنەری نارد بۆلای سەدری ئەعظم(مستەفا پاشـا) کەمەبەسـتی ڕێکخسـتنی کارەکـانی عوسمـانی لـە

ئێستا.[1] دووەمین دابەشکردنی فەرمی کوردستان( کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی )یش بەپێی ڕێککەوتنامەی (سایکس پیکۆ- سازەنۆڤ)ی نێوان وڵاتە ئیمپریالیستەکانی وەك( بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیا) بوو.

دەستێوەردان وهاتنی وڵاتانی ئیمپریالییزم بۆ کوردستان ، لەگەڵ هەوڵەکانی زلهێزە ئەوروپییەکانەوە دەست پێدەکات بۆچوونە ناوەوەی نێوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و ئاسیای بچوك، کە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری تێیدا باڵادەست بوون و کوردستان بەشێك بوو لە نێوچەکانی دەسەڵاتیان. ئەم هەوڵانەی ولاتانی ئەوروپی ئەنجامی ئەو پێشکەوت وبەرەوپێش چوونە ئابووری و پیشەسازییە بوو کە وڵاتانی رۆژائاوا پێی گەیشتبوو، ئەو پەرەسەندە پیشەسازییەش پێویستی بەکەسەرەی خاو و بازاڕی ساغکردنەوەی بەرهەم وکاڵاکانی هەبوو.. لێرەوە نێوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی وقاجاری بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی وئەو رەوشە ناهەموار و دواکەوتووەی لەلایەن ئەو دوو دەسەڵاتەوە خوڵقێنرابوو، هاوکات ئەو پێگە جیۆپۆڵەتیکی و ستراتیژییەی نێوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و ئاسیای بچوك و کوردستان کە بەکەرەستەی خاوی پیشەسازی دەوڵەمەند و زۆرینەی ڕێگە سەرەکیەکانی بازرگانی بەم نێوچانە دا تێدەپەڕی، ئەو فاکتەرانە بوون کە بوونە هۆی ئەوەی ووڵاتانی ئیمپریالیزم بکەونە ململانێی یەکترو کێبرکێی یەکتری بکەن لە پێناوی بەدەستهێنانی زۆرترین بەرژەوەندی و پاراستنی، ئەو کارانەشیان لە ڕێگەی پەیمان و ڕێککەوتنی نهێنی و

---

بەغداد مابووە، بەڵام ناردنی ئەو نوێنەرانە سەرەتا ئەنجامی نەبوو بۆ ڕێکەوتن، چونکە عوسمانییەکان مەرجیان بۆ ئاشتی کشانەوەی سەفەوی بوو لەناوچەی( درتەنگ و دان پێدانان بەقەڵای قارس بۆ عوسمانی ). سەرەنجام شای سەفەوی ناچاربوو مەرجەکانی عوسمانی پەسەند بکات، ئەوەبوو لەناوچەی(زەهاو) وتوێژ بەرێوەچوو، لەنێوان عوسمانی کە مستەفا پاشا(صدر الأعظم) نوێنەرایەتی دەکردو لایەنی سەفەوی کە( صاروخان) نوێنەرایەتی دەکرد ، ئەم گفتوگۆیانە لەئەنجامدا بووە هۆی واژۆکردنی پەیماننامەیەك لە(١٧ی مایسی ١٦٣٩)دا بەپەیماننامەی( زەهاو)یان( قەسری شیرین) ناسراوە، ئەم پەیماننامەیە کاریگەری قوڵی لەسەر کوردستان بەجێهێشتوە، بۆیەکەمجار لە مێژوودا بەپێی ڕێککەوتنامەیەك کوردستان دابەشکرا، لەنێوان( عوسمانی و سەفەوی)، هەموو بەندەکانی نێوپەیمانەکە لەسەر کوردستان و دژی کوردستان بوو کە خودی پەیماننامەکەش لەسەر خاکی کوردستان بەسترا.. بەپێی ئەم پەیمانە ناوچەی شارەزوور لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان بمێنێتەوە، ناوچەی سەقزو سەردەشت و بانە و زەهاو وتا باشووری کرمانشان چارەنووسی بۆ پەیمانی داهاتوو بمێنێتەوە، هەروەها نابێت هیچ لایەکیان یارمەتی تیرەو هۆزە یاخی بووەکان بدەن، لێرەدا مەبەست بە هۆزە کوردەکانە ، وەك( جاف) ، هەروەها هەرێمی ئەردەڵان، و ئیلی کەلهور بەتەواوی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکان و ناوچەی موکریش کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، ئاوی کوردستانیش بۆ یەکەمجار دابەشکرا ولەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك قەلاو شوێنی کوردستان کاولکران بەپێی ئەم پەیمانە.( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە// نەجاتی عەبدوڵڵا: کوردستان و کێشەی سنوری عوسمانی-فارسی، ل٤٠-٤١ .“ د.عماد الجواهری :صراع القوی السیاسیة في الشرق العربي من الغزو والمغولي حتی الحکم العثماني: طبع بمطابع التعلیم العالي، موصل، ١٩٩٠، ل١١١-١١٢.“ علاء موسی کاظم نورس: العراق في العهد العثماني ودرساة في العلاقات السیاسیة ١٧٠٠-١٨٠٠، بغداد، ١٩٧٩، ل٦٤-٦٥.“ صالح محمد امین: کوردوعەجەم (مێژوویی سیاسی ئێران) بەغداد، ١٩٩٢ ، ل٣٩.“ د.حوسێن محەمەد عەزیز: کوردو شۆڕش و هەلی مێژوویی،چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٣٧.“ صالح قەفتان: مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ، ل٣٠٨).

(١) پرۆفیسۆر. د.ئازاد نەقشبەندی: ڕێکەوتنامەی سایکس پیکۆ و کوردستان ،ل٥.

ئاشکراو دابەزاند و داگیرکردنی سەربازییەوە بووە.[1] سەرەتاو دەستپێکی هاتنە ناوەوەی زلهێزان بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدە، دیارترین هێزی ئەم بوارەش(بەریتانیا و رووسیا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئەمریکا) بوون، کە کاریگەری ململانێی نێوانیان لەسەر رەوشی کوردستان زۆرخراپ .[2] فاکتەری سەرەکی ئەو ململانێیەش لەسەر کوردستان تاگەیشتە دابەشکردنی لە ساڵی ١٩١٦دا، دەگەڕێتەوە بۆ :-

١) گرنگی شوێنی جوگرافی کوردستان : کوردستان وڵاتی کورددان شوێنێکی جوگرافی و گرنگی هەیە لە رۆژهەڵاتی نێوراستدا، لەئاسیای رۆژئاوادا کە کەوتۆتە بەشی رۆژهەڵاتی نێوەراستەوە لەسەرووی رۆژهەڵاتی لوتکەی ئاراراتەوە دەستپێدەکات بەرەوخواروو بۆ بەشی خوارووی زاگرۆس و پشتکو لەوێوە بەرەو رۆژئاوا تا دەگاتە شاری موسڵ لە عێراق، لەوێوەوە بەرەو رۆژئاوا هەتا دەگاتە بەشی تورک نیشینی ویلایەتی ئەسکەندەرونەو لەوێووە بەرەو سەرووی رۆژهەڵات هەتا دەگاتە ئەرزرۆم لە تورکیا، پاشان لەئەرزرۆمەوە دێت بەرەو رۆژهەڵات تا دەگاتە لوتکەی ئارارات.[3] رووبەرووی سنورە جوگرافیەکەی ناتوانرێت دیاری بکرێت بەتەواوی، چونکە کوردستان سنورێکی سیاسی تۆمار کراوی نیە، هەموو زانیارییەکیش لەرووەوە دەبێت بەمەزەندە بێت، کە تێکرای پێوانەی بە نزیکەی(٤٠٩٦٥٠کم) چوار گۆشە هەژمار دەکرێت،[4] بەپێی ئەم پێوانەش بێت خاکی کوردستان لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا( ٢٨٤.٣٠٠کم) کەوتۆتە ژێردەسەڵاتی عوسمانی و(١٢٤.٩٥٠کم) دەکەوتە لای قاجاری .. کوردستان بەم پێوانەیەوە کەوتۆتە چەقی ناوەندی نێوچەی رۆژئاوای ئاسیاوە لەنێوان هێڵی پانی باکووری( ٣٤ ، ٤٠، ٤٨) هێڵی درێژی لای رۆژهەڵاتیەوە،[5] کە درێژاییەکەی دەگاتە ( ٩٠٠-١٠٠٠کم) و پانتاییەکەشی دەگاتە(١٠٠-٢٠٠کم٣).[6] بەم جۆرە هەڵکەوتەی شوێنی کوردستان و رووبەرەکەی وپانتایی ودرێژییەکەی، بەردەوام بوونەتە مایەی چاوتێبڕینی وولاتە ئیمپریالیستەکان، وبیرییان کردۆتەوە چۆن لەنێوان خۆیاندا دابەشیبکەن، لەپێناوی وەدەیهاتنی بەرژەوەندییەکای خۆیاندا.

٢) گرنگی ئابووری وستراتیژی کوردستان: نێوچەکانی کوردستان بەگشتی و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بەتایبەتی، نێوچەیەکی ئابووری و ستراتیژی و گەورە و گرنگە لەچەندین روووەوە، بۆنموونە کوردستان وڵاتێکی کشتوکاڵییە، کشتوکاڵ بەشێکی بژێوی خەڵکی کوردستان بەدەست دەهێنێت و بەزیادەو کە

---

(١) جلیلی جلیل و وآخرون: الحركة الكردية في العصر الحديث، ت. عبدي حاجي، دار الرازي للطباعة، بيروت، ١٩٩٢، ل٥٣.

(٢) هەمان سەرچاوە،ل٥٣-٥٤.

(٣) د.عەبدولرەحمان قاسملۆ: کوردستان و کورد، ل١٢." سیروان ئەکرەم قەرەچەتانی: کاریگەری جەنگی جیهانی یەکەم ودووەم لە کوردستان ، بڵاوکراوەی مەڵبەندی رێکخستنی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٩٩،ل٢.

(٤) د.عەبدلرەحمان قاسملو: کوردستان کوردستان و کورد، ل١٣.

(٥) م.س. لازاریف: چەند وتارێکی کوردناسی لە مێژووی گەلی کورد، و. کاوس قەفتان، بغداد، ١٩٨٩، ل١٠٥.

(٦) د.بلە چ شیرکۆ: کێشەی مێژینەی وئێستای کورد، و. محەمەد حمە باقی ،چ٢، ١٩٩٢،ل١٢.

بۆ پیشەسازی دەشێت، هەروەها ئاژەڵداریش تەواوکەری پێکهێنانی بنەمایەکی ئابووری کوردستانە.[1] بەم جۆرە هەرچەندە کوردستان وڵاتێکی شاخاوییە کەچی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری زۆری تیایدا دەکرێت و زۆربەی زۆری نێوچەکانی کوردستان بەکانزا دەوڵەمەندە، لەو کانزاو سامانە سروشتیانەی لە کوردستان هەن، وەك(نەوت*، غاز، زێر، زیوو، خەڵوز) لە کەشوێنە جیاجیاکانی کوردستان دا بەبەربڵاوی هەیە،[2] سەرەنجامی بوونی زەوی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و کانزا جۆربەجۆرەکان لە کوردستان ، وای کردووە کوردستان بۆوڵاتانی ئیمپریالیز ببێتە ناوچەیەکی ئابووری و ستراتیژی گەورەو بیرلەدابەشکردنی بکەنەوە.

٣) لاوازی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی : لەسەرەتای سەدەی بیستدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەوپەڕی لاوازیدا بوو،[3] نەتەوە جیاوازەکانی نێو دەسەڵاتی عوسمانی بەردەوام بوون لەبزوتنەوە وڕاپەڕین،[4] لەوانەش نەتەو جیاوازەکانی نێوە دورگەی بەڵقان کە هەوڵی سەربەخۆییاندا، ئەمەش لەڕێگەی پشتگیری وهاوکاری ئەوروپا بۆ نێوچە دیارەکانی نێو قەڵەمڕەوی عوسمانی، بەم شێوەیە وولاتە ئیمپریالیستەکان دەستیان خستە نێوکار و بارەکانی رۆژهەلات بەگشتی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەتایبەتی،[5] ئەم لاوازیەی عوسمانی فاکتەرێك بوو بۆ بۆ دابەشکردنی کوردستانی نێوئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

٤) بەریتانیا و فەرەنسا وەك بەربەستێك لەبەردەم تەماع و هەڵپەی دەوڵەتی رووسیا کە بەردەوام چاوی بڕیبوە ئەو رۆژەی دەستی دەگاتە نێوچە ئاوییەکانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست، بایەخێکی گەورەیان دابووە

(١) د.عەبدولرەحمان قاسملو: کوردستان و کورد،ل١٢١.

* دوای ئەوەی نێوچە ئاوییەکانی نێوان چیاکانی تۆرس و زاگرۆس بووە ووشکانی وئەو زنجیرە چیایانەیان لێ پەیدابوو، ئەوەیش لەنێوکەلێن وشەقەرەکانی عەرد لە حەوزەکانی نێو زەویدا پێدزەی کردە ناو ئەو قانە عەردیانەی شل و خاو و نەرم بوون، نەوت و گازی لێ نزیك بۆتەوە لەسەر زەوی وەك نێوچەکانی (باباگوڕگوڕی کەرکوك، مەسجدیٚ سولەیمانی ناوچەی شوش و هەندێ نێوچەی خانەقین و مەندەلی و توزخورماتوو ، کفری، یاخود تێکەڵ بەئاوەکان بووەوەك نێوەچەی شێخان ، گەلی خەنسی، قیماوای نزیك چیای مەقلوب، دەرماناوەی نزیك چیای بلباسی مەخمور)، بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەونێوچانە نزیکە ، بەم جۆرە: نەوتی کوردستان لەسەر شێوەی شریتێکی درێژی (١٠٠٠کم) و پانی (٥٠-١٥٠) کم هەڵکەوتووە، لە لوڕستانی رۆژهەلاتی کوردستان دەستپێدەکات ودەپەرێتەوە لورستانی باشووری کوردستان و دێتەنێوچەی گەرمیانی باشوور( توزخورماتوو ، کفری، داقوق، کەکووك) و نێوچەی دەشتی شوان و شێخ بزێنی و کۆیەو و دەشتی هەولێر و بەرەو گەیارەو نێوچەکانی موسڵ و عین زالە بێخمە دەپەرێتەوە بۆ نێوچەکانی دێرك( قەرەچوك و رمێلان و دریاسە)ی رۆژئاوای کوردستان و نێوچەکانی دیاربەکر و ماردین و سیرنی باکوری کوردستان.( بڕوانە// عبدالحمید العلوجي وخضر عباس اللامي: الاصول التارخیة للنفط العراقي ،ج١، بدون مطبعة و سنة طبع، ل٢١-٢٦." کاوە نادر قادر: رۆڵی نەوت لەچارەنووسی گەلی کوردستاندا، کتێبی روناکبیری (ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٠).

(٢) د.بلەچ شیرکۆ: کێشەی مێژینەو ئیستای کورد، ل١٣. " عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: تێڕوانینێکی بۆ دۆزی کورد،ل٥٥-٥٨.

(٣) رەمزی قەزاز: بزوتنەوەی سیاسی و رۆشنبیری کورد لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا سەرەتای چەرخی بیست، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٦٨.

(٤) صالح قەفتان: مێژووی گەلی کورد، نەتەوەی کورد تورکمان نیە، چ٣، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥،ل٢٩٤.

(٥) رەمزی قەزاز: بزوتنەوەی سیاسی ورۆشنبیری کورد، ل٦٤.

نێوچەکانی ژێر دەستەڵاتی عوسمانی. لەلایەکی تریشەوە بۆ دابین کردنی گەیشتن بەوڵاتی هیند و خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لە ڕێگایەکی دوور لە مەترسی و زامنکردنی بەردەوامی هاتووچۆی بازرگانیەکانیان.[1]

بایەخ وگرنگی نێوچەکانی کوردستان وەك باسکران هەر لای ئینگلیز بایەخدار نەبوون، هەریەکە لە ڕووسیا و فەرەنساش بیانوو پاساوی خۆیان هەبوو بۆگرنگی دان بە کوردستانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، تابەشێکی بکەوێتە ژێر دەسەڵاتیانەوە، لەسەروو بەندی گەڵاڵەبوونی ڕێکەوتنامەی سایکس پیکۆ دا ، نزیکە(٦٩.٤٪) خاکی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوون، بۆیە هەر دابەشکردنێك کەبەسەر عوسمانیدا بهاتایە کوردستانیشی دەگرتەوە، بەڵام ئەوبەشەی پەیمانەکە کە تایبەت بوو بە نێوچە کوردییەکانی ژێرِ دەسەڵاتی عوسمانی، ناوی ڕێککەوتنی (سازانۆڤ –پاڵیۆگ)ی بەسەردابراوە، چونکە هەوڵەکانی بۆدابەشکردنی ئەو نێوچانە زیاتر لەلایەن سازنۆڤ * نوێنەری ڕووسی وپاڵیۆگی نوێنەری فەرەنساوە دراوە، نوێنەری بەریتانیایش (مارك سایکس) هاوکارو ڕەزامەندبووە لەو دابەشکردنەدا.[2] بەم جۆرە کوردستانی ژێردەسەڵاتی عوسمانی دابەشکرا بەسەر سێ بەشدا، بەم شێوەیەی لای خوارەوە :

یەکەم// بەشی ڕووسیا ، کە زۆربەی نێوچە کوردییەکانی دەگرتەوە، بریتی بوولە( باکوری کوردستان کەلەباکووری ئەرزڕۆم و ئەرزبجان لە باشووری جەزیرەی ئیبن عومەر، لە ڕۆژهەڵاتیش بۆسنووری گۆمی ورمێ، بەهێڵێك بەباکووری ئامێدی دا دەڕوات و شارە کوردییەکانی وەك وان و بەدلیس و ئەرەزرۆم و موش و ئەرجیش و ئەرغەلی( ئەغەنی) و مەعدەن و سەعرەت و بایەزیدو ئەوان دیکەش هەموو لەنێو کەرتی ڕووسیا دابوون).[3]

دووەم// فەرەنسا ئەم نێوچانەی کوردستانی بەرکەوت( دیاربەکر وبیرجیك و ئورفە.. تاد..) لە باکووری کوردستان ، لە ڕۆژئاوایی کوردستان بەشێکی زۆری ویلایەتی موسڵ و خوارووی کەرتی ڕووسیا تا خوارووی کەرکووك ، کەئەم شارنەی گرتبووە(موسڵ، دهۆك، ئامێدی، هەولێر، ڕەواندوز و سلێمانی ..تاد) [4] لەگەڵ

---

(١) ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی: سایکس –پیکۆ، ل٣١.

* ئەگەر بەووردی سەیری نوێنەرنی ( بەریتانیا و روسیا و فەرەنسا) بکرێت لە کاتی بەستنی ڕێککەوتنامەی (سایکس پیکۆ– سازەنۆڤ) دا دەبینرێت لەلایەن چەند کەسایەتیەکەوە نەخشەی سازی بۆکراوە کە شارەزایی کاروباری کوردستان و ژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسی کوردبوون، بۆنموونە( سیرمارك سایکس) کە نوێنەری ئینگلیز بوو لە ڕێککەوتنەکەدا لەسەرتای سەدەی بیستەوە گەشتێکی فراوانی کردبوو بە نێوچەکانی باکووری کوردستاندا، سەرنجی وردی دابوو لەبارەی ژیان وپێوەندی نێوان تیرەو هۆزەکوردەکان و چۆنیەتی هەڵکەوتنی نێوچەکە وبایەخی سیاسی و عەسکەری خسۆتە ڕوو لە پەرتوکێکدا، پیکۆ و سازەنۆڤیش لە نزیکەوە شارەزایی مەسەلەی کوردبوون.( نەوشیروان مستەفا ئەمین : کوردو عەجەم، ، ل٢٦٢) .

(٢) سروە اسعد صابر: کردستان من بدایة الحرب العالمیة الاولی الی نهایة مشکلة موصل ١٩١٤–١٩٢٦، مطبعة وزارة التربیة، اربیل، اربیل، ٢٠٠١، ل٦٨.

(٣) د.ئەحمەد عوسمانی ئەبوبکر: کوردو کوردستان لە کۆمەڵەو وتارێکی مێژوویی دا، و. ئازاد عوبێد صالح ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٥،ل ٢١.

(٤) ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر: کوردو کوردستان ،ل٢١.

ئەوەشدا ( سروە ئەسعەد صابر) ئاماژە بەوە دەکات کە بەشی فەرەنسا نێوچەکانی (دیاربەکر و میافارفین و سیواسی) لەگەڵدابووە، لەگەڵ دەشتی موشی دا.[1]

سێیەم // بەشەکەی تری کوردستان ، کە لەخوارووی کەرکووکەوە تا باکووری باقوبە تا خانەقین و دووزخورماتوو وکفری وکەلار و هەندێ شاری کوردی تری دەگرتەوە، باشی ئەو وڵاتە عەربیە بوو کە نیازبوو بەپێی رێککەوتنی( شەریف حوسێن و مەکما هۆن) بەریتانی دابمەزرێنن،[2] ئەم نێوچەیە بەنادایاری خرابووە ژێر کۆنترۆڵی ئینگلیزەوە .[3]

بەم دابەشکردنەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، پیلانی بەشکردنی کوردستان بۆ چوار بەش نەخشەسازی بۆکراو، ئەو ئۆتۆنۆمیەی کە پێشتر لەئەنجامی گفتوگۆی نێوان( بەریتانیاو فەرەنساو رووسیا) لە ساڵی ١٩١٥ دا پێشنیار کرابوو بۆ کوردستان ، دیارنەما و پشت گوێ خراو گۆڕا بۆ بەشی بەشکردنی خاکی کوردستان.[4] هەروەها ئەوەی جێ ی پرسیار و تێرامانە لەودابەشکردنەدا بەریتانیا نێوچەکانی (ویلایەتی موسڵ) خستبووە ژێر نێوچەی فەرەنساوە ، کەواتە لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە(( بۆچی ئینگلیز نیوچەکانی ویلایەتی موسڵی دابوو بە فەرەنسا؟)) بێگومان فاکتەری سەرەکی لەلاری نەبوونی بەریتانیا بەپێدانی نێوچەی ویلایەتی موسڵ بۆ فەرەنسا دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی بەریتانیا نەیدەویست لە هیچ شوێنێك سنوری هاوبەشی لەگەڵ رووسیادا هەبێت، چونکە پێی وابوو سنوری هاوبەشیان دەبێتەی مایەی مەترسی لە پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی هەردوولایان، لەلایەکی تریشەوە ئینگلیز دەیوست لە رێگەی فەرەنساوە ئەو نێوچەیە بۆخۆی دەستەبەربکات، واتە پیلانێکی تەکتیکی بوو بۆ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی لە نێوچەکەدا.

ئەو بایەخ پێدان و هەوڵدانە بۆ بەشکردنی کوردستان ، لەگەڵ دانانی نەخشەی دابەشکردنەکەو واژۆکردنی رێککەوتنامەکە هەتا کۆتایی وەك خۆیان نەمانەوە، چونکە ڕووداوە سیاسی و سەربازی و نێودەوڵەتییەکان بوونە هۆکاری ئالوگۆڕ لەوپلانەداو بایەخی کوردستانی گەڵ زۆرتر کرد، لەبەر ئەوەی سوپای ئینگلیز بەغدادو بارودۆخی رووسیا شڵەژا و شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووی داو رژێمی پێشووی لەسەر کارلابردوو رژێمێکی نوێ دروست بوو، بۆیەی ئەوانە لەشەڕو هەموو پەیماننامەو رێککەوتنامەکانی کشانەوە.[5] (جۆرج ئەنتۆش) ئەم شۆڕشە بەبەلگەنامەی ترس ( وثيقة مروعة) ناودەبات، ئۆغلوش وادادەنێت کە شۆرشی ئۆکتۆبەری رووسیا ئەو شۆڕشەبوو کەسنووریکی بۆ دبلۆماسیەتی قەیسەری دانا و سنوری بۆ ئەو یاریکردنە دانا، کە بەچارەنووسی گەلی کورد و خاکەکەی دەکرا لەپێناوی ئیمپریالیستدا.[6] هەرچەندەش بەندەکانی رێککەوتننامەی (سایکس

---

(١) كردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة موصل، ل٦٩.

(٢) ئەحمەد عوسمانی ئەبووبەکر: کوردو کوردستان، ل٢٢.

(٣) سروە اسعد صابر: كردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة موصل،ل٧٠.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٦٨-٧٠.

(٥) ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی : سایکس پیکۆ، ل٣٢.

(٦) سروە اسعد صابر: كردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة موصل،ل٧٤.

پیکۆ- سازەنۆڤ) جیٚ بەجیٚ کرا، بەڵام پرۆژەی دابەشکردنی کوردستان بەپێی سیناریۆییەکی تر ئەنجام درا، بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ ئەرازووی هێزی نویٚ لەسەرهەردوو گۆرەپانی نێودەوڵەتی و خۆرهەڵاتی نێوەراست، بووە سەرەتای پرسێکی تر.[1]

ئەم ئاڵوگۆڕانە رەوشێکی باشی خوڵقاند بۆ ئینگلیز، کەبەرژەوەندییەکانی بە هیچ جۆریٚ لەگەڵ بریارەکانی رێککەوتنامەی سایکس پیکۆ نەدەگونجا، چونکە بەپێی ئەم رێککەوتنە هەموو کوردستانی ژێرِ دەسەڵاتی عوسمانی بەر رووسیا و فەرەنسا کەبتوو، بەڵام بەکشانەوەی یەکەمیان لە رێککەوتنەکە لە مەیدان چووە دەرەوە و دووەمیشیان رۆڵی لە رۆژهەڵاتی نێوەراستدا لەگەڵ رۆڵی ئینگلیز بەراوورد ناکرێت، بەم جۆرە ئینگلیز کەوتە سەرپیری ئەوەی تادەتوانن بەرەو باکووری بەغدا برۆن، دیارە یەکێك لەئەندامەکانی ئەو ئاڵوگۆرە زۆرەی بایەخ شوێنی کوردستان بوو لە پیلانەکانی ئینگلیز.[2] لەبەر ئەوەی ئینگلیز دوای کشانەوەی رووسیا لە کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەراست، خەونی بەدامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ئینگلیزی رۆژهەڵاتی نێوەراست دەبینی، کەویلایەتی موسڵ لەنێوجەرەگەی ئەو نەخشە یەدا دانا، بەهۆی چەند هۆکارێکی تازەوە جگەلە هۆکاری دۆزینەوەی نەوتێکی زۆر لەویلایەتی موسڵ دا کە فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ بەریتانیا.[3] ئەم باروودۆخە هەر بەردەوام بو تاکو کانوونی یەکەمی ١٩١٨، کە سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا(کلیمانسۆ) لە لەندەن هەوڵیدا باوەڕ بە (لوید جۆرج) ی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بهێنیٚ بۆ ئەوەی دان بە نەخشەی( سایکس -پیکۆ)دا بنیٚ، بەڵام لوید جۆرج پێی وت: دەبێت چەند خالێکی رێککەوتننامەکە کەپەیوەندییان بە وویلایەتی موسڵ و فەلەستینەوە هەیە بگۆڕدرێت، سەرەئەنجام کلیمانسۆ رەزامەندبوو بەوەی وویلایەتی موسڵ بخرێتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا بەومەرجەی پشکی لە نەوتی موسڵدا هەبێت لەگەڵ چەند خاڵێکی تردا[4]. لێرەدا ئەوراستیە بەدەردەکەوێت رێککەوتننامەی (سایکس پیکۆ- سازەنۆڤ) سەرەتای پیلان و نەخشەسازی ولاتانە ئیمپریالیستەکان بوو بۆ دابەشکردنی نێوچە کوردیەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان بۆ سیٚ بەش، کە( باکووری کوردستان ، کەتە ژێر دەسەڵاتی تورکیا نویٚ و ) و باشووری کوردستان خرایە سەر دەوڵەتی عێراق و (رۆژئاوای کوردستان )یش بووە بەشی دەوڵەتی سوریا، هەرچی بەشی (رۆژهەڵاتی کوردستان )نیشە بۆ ئیرانی نویٚ مایەوە ، بەم جۆرە کورد بووە گەورەترین نەتەوە کە خاکەکەی بەش بەش بکرێت و خاوەند کیانێکی سەربەخۆی خۆی نەبێت.

---

(١) لازاریف: کێشەی کورد، ل٣٤-٣٥.

(٢) ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی: سایکس پیکۆ، ل٣٢-٣٣.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین: کورعەجەم، ل١٦.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل١٧.

**ئەنجـــــــام:**

**یەکـەم// ئـەو دابەشـکردنانەی بەسـەر کوردسـتاندا هـاتووە لەمێـژوویی نـوێ و هاوچـەرخدا، بەرەنجامەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ شـەڕو ململانێـی هـەرێمی و نێودەوڵەتیـەکان، بەتایبـەت شـەڕی چاڵدێرانی نێـوان( عوسمـانی و سەفەوی) ساڵی ١٥١٤ز کە بە یەکەم دابەشکردنی خاکی کوردستان هـەژماردەکرێت، درێژەکێشانی ئـەو شـەڕو ململانێـی نێـوان ئـەو دوو زلهێـزە رێککەوتنامـەی (زەهـاو- ١٦٣٩) لێهاتەکایـەوە کـە بەفـەرمی کوردسـتانی دابەشـکرا ، هـەروەها شـەڕی گـەورەی وڵاتـە ئیمپریالیسـتەکانیش لـەنێوان سـاڵانی (١٩١٤-١٩١٨)دا، دووبـارە کوردستانی پێدابەشکرایەوە بەپێی رێککەوتننامەی (سایکس پیکۆ- سازەنۆڤ)ی ساڵی ١٩١٦ز.**

**دووەم // رێککەوتننامەی(سـایکس پیکـۆ- سـازەنۆڤ) بەیـەکێك لـە ترسـناکترین رێککەوتننامـەکانی نێـوان دەوڵەتـەزلهێز و کۆلۆنیاکـان دادەنرێـت، دژ بـە گـەلی کـورد و کوردسـتان . چـونکە بـەپێی ئـەم رێککەوتننامەیـە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە(٦٩٪) خاکی کوردستانی دەگرتەوە بـەش بەشـکرا، نـەك تـەنیا لـەنێوان (رووسیا و بـەرتانیا وفەرەنسا) وەك وڵاتـانی واژۆکـەری رێککەوتننەکـە، بـەڵکو بەشـێکی خـاکی کوردسـتانیش بـەنادیاری هێڵـدرابۆوە بـۆ ئـەو دەوڵەتـە عەرەبییـەی کـە بـەریتانیا بـەڵێنی دابـوو بـە( شـەریف حوسێن)ی مەککە بۆ دروستکات، بەشێکیشی وەك لەمپەری نێوان رووسای و بەریتانیا دانراوە.**

**سێیەم // بە خوێندنەوە بۆ یازدەبەندەکەی رێککەوتننامەی (سایکس پیکۆ- سازەنۆڤ) دەردەکـەوێت وڵاتـانی واژۆکەری رێککەوتننامەکە، بەهیچ جۆرێك بیریـان لـە پرسـی کـورد نەکردۆتـەوە ولـەهیچ بەندێکیـدا بـەنادیاریش باسـی کـورد نـەکراو، هۆکـاری ئـەم نادیدەگرتنـەی کـورد لەوکاتـەدا دەگەڕێتـەوە بـۆ بەرژەوەنـدی وڵاتـانی ئیمپریالیست لە دژی خواستەکانی کورد بوون و هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی کورد لەساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا ، کە هەوڵی نەداوە مافەکانی خۆی دەستەبەربکات وەك( عەرەب ، ئەرمەن، جولەکە).**

**چـوارەم// رێککەوتننامـەی (سـایکس پیکـۆ- سـازەنۆڤ) لەگـەڵ ئـەوەی بەشـێوازێکی نهـێنی واژۆکـرا بـوو، لـەنێوان( بـەریتانیا وفەرەنسـا و رووسیا) بـۆ دابەشـکردنی داروپـەردووی خـاکی دەوڵـەتی عوسمـانی بەگشـتی و خاکی کوردستان بەتایبـەتی. بـەڵام پـاش سـاڵێك وچـەند مانگێك ئـەو رێککەوتننـە ئاشکرابوو بەندەکانیشـی بـۆ دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی وەك خۆی جێبەجێنەکرا، هەرچی سەبارەت بەدابەشـکردنی خـاکی کوردسـتانە پـــاش رێکەوتنی(بـــەریتانیا وفەرەنســـا) لـــەدوای جـــەنگی یەکـــەمی جیهـــانی، ئـــەو دابەشـــکردنە بەهەنـــدێ گۆرانکگارییەوە بەسـەر کوردسـتانی ژێردەسـەڵاتی عوسمـانی جێبـەجێکرا و ئـەو بەشـەی کوردسـتانیش کـرا بـە سێ بەشەوە و خرایەسەر ( تورکیا و عێراق و سوریا).**

**پێنجـەم// رەنگدانـەوەی رێککەوتننامـەی (سـایکس پیکـۆ- سـازەنۆڤ) تـەنیا دابەشـکردنی خاکـەی نەوەسـتا، بەڵکو بۆ یەکەمجاری ئاوی سەرزەوی کوردستانیش بەشکرا لەنێوان نێوچەی دەسەڵاتی فەرەنسـی (A) نێوچـەی دەسـەڵاتی بـەریتانی(B)، هـەروەها پرسـی کـوردی بەشـێوازێکی زۆر خـراپ ئالۆزکردووە و کوردانیشـی تووشـی لەبەرخوێرشتنێکی گەورەکردووە وتائێستاش بەردەوامە.**

## سەرچاوەکان


یەکەم: پەرتووکە کوردیەکان :

١. ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی: سایکس پیکۆ و ترازانی جەمسەری کێشەی کوردی باشوور، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٢. د.ئیبراهیم خەلیل ئەحمەدو د. خەلیل عەلی موراد: ئیران و تورکیا توێژینەوەیەك لە مێژووی تازەو هاوچەرخ، و. بەهادین جەلال مسەفا، دەزگای چاپ و پڵاوکراوەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

٣. بلە چ شیرکۆ: کێشەی مێژینەی وئێستای کورد، و. محەمەد حمە باقی ،چ٢، ١٩٩٢.

٤. جەمال نەبەز: کوردستان و شۆرشەکەی، و. کردۆ، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، ١٩٨٥.

٥. جەواهیر لا نەهرۆ: چاوخشاندنێك بە مێژوویی جیهاندا، و. رووف محمد زهد، بەرگی دووەم، بەغداد، ١٩٩٠.

٦. د.جليلي جليل و وآخرون: الحركة الكردية في العصر الحديث، ت. عبدي حاجي، دار الرازي للطباعة، بيروت، ١٩٩٢.

٧. د.حوسێن محەمەد عەزیز: کوردو شۆرش و هەلی مێژوویی،چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٠

٨. دەرسیم دیەگەیی: کوردستانی شاری موصل لەچەند بەڵگەنامەیەکی جیهانیدا، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٠٢.

٩. رەفیق حلمی: یادداشت(کوردستانی عێراق و شۆرشەکانی شێخ مەحمود)، بەرگی یەکەم، بەغداد، ١٩٩٢.

١٠. رەمزی قەزاز: مبارزات سیاسی و رۆشنفکری کرد.( درپایان قرن نوزهم تا اوسط قرن ستم)، ت: احمد محمد ، بێ سالْ و شوێنی چاپ.

١١. رەمزی قەزاز: بزوتنەوەی سیاسی و رۆشنبیری کورد لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا سەرەتای چەرخی بیست، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٢. رشاد مەجید : تورکیا لە دووریانی دەسەڵاتی ژنەراڵەکاندا وە دەسەڵاتی سیاسیاندا، هەولێر، ١٩٩٥،.

١٣. ساڵح قەفتان: مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ، بەغداد ،١٩٦٩

١٤. د.سامان حوسێن ئەحمەد و د. بەختیار سەعید مەحمود: مێژوویی هاوچەرخی تورکیا، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٤

١٥. سیروان ئەکرەم قەرەچەتانی: کاریگەری جەنگی جیهانی یەکەم ودووەم لە کوردستان ، بڵاوکراوەی مەڵبەندی رێکخستنی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٩٩.

١٦. صادقی شەرەفکەندی: کورتە مێژووی بزوتنەوایەتیەکانی کورد، و. تەها تەتفی، چالپخانەی ئاپیك، سوید، ١٩٩٥.

١٧. صاڵح قەفتان: مێژووی گەلی کورد، نەتەوەی کورد تورکمان نیە، چ٣، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

١٨. صالح محمد امین: کوردوعەجەم (مێژوویی سیاسی ئێران) بەغداد، ١٩٩٢

١٩. ڤ. بەڤیکین: شۆرشی ١٩٠٥-١٩٠٧ رێی بۆ شۆرشی ئۆکتۆبەر خۆشکرد، و. محمد مەلا کەریم، بەغداد

٢٠. عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: تێڕوانینێکی بۆ دۆزی کورد، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠١ .
٢١. عەبدولقادر شکاك: بارودۆخی کوردستان لەنێوان ساڵانی ١٩٠٥- ١٩٣٠، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان،سلێمانی، ٢٠١٣.
٢٢. عمر الديراوي: جەنگی جیهانی یەکەم، و. سەفین لاوچاك، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٩.
عبدالرحمن قاسملۆ: کوردستان و کورد، و. عبدالله حەسەن زادە، چ٢، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٦.
٢٣. فەرید ئەسەسەرد: کوردستان ومەسەلەکانی ئەمنی قەومی.
٢٤. کاوە نادر قادر: رۆڵی نەوت لەچارەنووسی گەلی کوردستاندا، کتێبی رووناکبیری (ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٢٥. د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردستان لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، کۆری زانیاری ، بەغدا، ١٩٧٥.
٢٦. لازاریف.ن: مێژووی کوردستان، و. وشیار عەبدوڵلا سەنگاوی، دەزگای چاپ وبلاّوکراوەی رۆژهەلات، چ١، هەولێر، ٢٠١٥.
٢٧. م. ڕ. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردشتان، بەرگی یەکەم، جاف پیرێس ، لندن، ١٩٩٠.
٢٨. م.ڕ. هاوار : کوردو باکووری کوردستان لەسەرەتای میژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهانی ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٢٩. م.س. لازارێڤ: کێشەی کورد ١٨٩٦-١٩١٧، و. د.کاوس قەفتان، بەغداد، ١٩٨٩
٣٠. م.س. لازاریف: چەند وتارێکی کوردناسی لە مێژووی گەلی کورد، و. کاوس قەفتان، بغداد، ١٩٨٩.
٣١. د.مارف عمر گوڵ: کێشەی کەسایەتی یاسایی نێو نەتەوەیی گەلی کورد، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٣٢. محمد ئیحسان: ململانێیە نێودەوڵەتیەکان لە سەدەی بیستەمدا، و. ئاسۆ کەریك و کامەران مەنتك، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر، ٢٠٠١.
٣٣. نەجات عەبدوڵلا: کوردستان وکێشەی سنوری عوسمانی –فارسی ١٦٣٩-١٨٤٧، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٠.
٣٤. ئەحمەد عوسمانی ئەبوبکر: کوردو کوردستان لە کۆمەڵەو وتارێکی مێژوویی دا، و. ئازاد عوبێد صاڵح ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٥

دووەم : پەرتوکە عەرەبیەکان :

١. اسماعيل بيشكچي: النظام في الاناضول الشرقية(الاسس الاجتماعية- الاقتصادية والبنى القومية)، ت.شكور مصطفى ، ج٢، ئاراس ، اربيل، ٢٠٠١.
٢. اسماعيل احمد ياغي : معالم التأريخ الامريكي الحديث ، نشأة الولايات المتحدة الامريكية ، الناشر مكتب الجيكان، الرياض ، ٢٠٠١ .
٣. الان بالمر: موسوعة تاريخ الحديث ١٨٨٩-١٩٤٥، ت: سوسن فيصل السامرائي وآخرون، ج٢، بغداد، ١٩٩٢.

٤. ئۆرخان مەجید عەلی : السلطان عبدالحمید الثاني ، حیاته واحداث في عهده، مكتب دار الانبار ، بغداد، ١٩٨٧.

٥. ایوب بارزانی : المقاومة الكردیة للاحتلال ١٩١٤-١٩١٨ ، ج١، دار نشر حقائق، المشرق.

٦. تروكان ضیة بلسون: تأریخ ثورة اكتور الاشتراكیة العظمی، ت: سامي عماد، موسكو الاتحاد السوفتیة، ب.س.ط.

٧. تشارلز ماري بیرو: تأریخ ولایات المتحدة الامریكیة ،ج٣، منشورات مكتب الاطلس، ب.د.ط.

٨. جرجیس فتح الله: یقظة الكرد وتأریخ سیاسي ١٩٠٠-١٩٢٥، طبعة وزارة التربیة، اربیل،٢٠٠٢.

٩. سروة اسعد صابر: كردستان من بدایة الحرب العالمیة الاولى الى نهایة مشكلة موصل ١٩١٤-١٩٢٦، مطبعة وزارة التربیة، اربیل، ٢٠٠١.

١٠. السید عبدالرزاق الحسیني: تاریخ العراق السیاسي الحدیث،ط١، لبنان، ١٩٥٧.

١١. عبدالحمید العلوجي وخضر عباس اللامي: الاصول التارخیة للنفط العراقي ،ج١، بدون مطبعة و سنة طبع

١٢. عبدالعظیم رمضان: تاریخ اوروبا والعالم في العالم الحدیث (من ظهور البورجوازیة الاوروبیة الى الحرب الباردة)، ج٣، الهیئة المصریة العامة للكتاب.

١٣. علاء موسى كاظم نورس: العراق في العهد العثماني ودرساة في العلاقات السیاسیة ١٧٠٠-١٨٠٠، بغداد، ١٩٧٩

١٤. علي حسین وجاسم وحسن العدول و عبدالجبار قادر غفور: دراسات في التأریخ الاوروبي الحدیث والمعاصر ، جامعة الموصل.

١٥. علي حیدر سلیمان: تأریخ الحضارات الاوروبیة الحدیثة ، دار واسط للدراسات وللنشر والتوزیع، بغداد، ١٩٩٠.

١٦. عماد الجواهري :صراع القوى السیاسیة في الشرق العربي من الغزو والمغولي حتى الحكم العثماني: طبع بمطابع التعلیم العالي، موصل، ١٩٩٠.

١٧. محمد فرید بك المحامي : تأریخ الدولة العثمانیة ، دار الجیل، بیروت، ١٩٧٧.

١٨. محمد محمود صالح و د. یاسین عبدالكریم و د.نوری السامرائي: الدول الكبرى بین الحربین العالمیتین ١٩١٤- ١٩٤٥، بلاسنة ومكان طبع.

١٩. محمود الدورة: القضیة لاكردیة، ط٢، منشورات الطلیعة، بیروت، ١٩٩٦.

سێیەم : پەرتووكە فارسیەكان :

١. فرانك ألِ شوئل : امریكا چگونا امریكا شود (تاریخ ایالات متحد امریكا ) ، و : ابراهیم صدقیانی ، چ٣ ، سپهر، تاران، ١٣٨٣ ه.

چوارەم : گۆڤارەكان :

١. پرۆفیسۆر د. ئازاد نەقشبەندی : ڕێككەوتنامەی سایكس پیكۆ و كوردستان ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ، ژمارە(٧)، ئابی ١٩٩٨.

٢. د.پشکۆ تاهیر عبدالرحمن: بۆچوونی مێژوونوسان دەربارەی ڕۆڵی مەلا ئیدریسی بەدلیسی لەریککەوتنی نێوان عوسمانی ومیرەکوردەکان(١٥١٤ز) ، گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان ، ژمارە(٣)، حوزەیرانی ٢٠١٥.

٣. سەعدی عوسمان: کوردستان بەرلەچوونەناو دەسەلاتی عوسمانی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(١) شوباتی ١٩٩٩

٤. محمد عەبدوڵڵا کاکەسور:گۆڤاری مێژوو، ژمارە(٧) ، هاوینی ٢٠٠٨

**پوختە بە زمانی ئینگلیزی**

## The Reflection of Sykes-Picot-Sazanov Agreement over the Ottoman Empire's Kurdistan in 1916

In the middle of the First World War, the trials for dividing Ottoman Empire and controlling the rich and valued regions generally and Kurdistan part of Ottoman Empire in particular was an important ingredient of the diplomatic and military movements by the three superpowers of that time (Britain, France, Russia). These superpowers attempted to strengthen their alliances and were aware that Ottoman Empire is the loser of the war and it is time to divide its possessions.

After many sessions of discussions and negotiations of the three countries (Britain, France, Russia) came to an agreement over the issue and secretly signed Sykes-Picot-Sazanov agreement in September, 1916.

On the other hand, regarding their awareness about Kurdistan, these superpowers had full information about all the areas of Kurdistan. They got information about Kurdistan's geography, nature, economy, population and so on. The information was gathered by their undercover agents and spies who travelled a lot in Kurdistan cities and villages of that time.

In addition, Kurdistan's oil was of high interest to them. Thus, these petroleum rich areas of Kurdistan and dividing them over these superpowers was in important and debatable issue to them.

Furthermore, after exposing Sykes-Picot-Sazanov Agreement to the public in 1917, two parties of the agreement (Britain and France) indirectly worked on Ottoman Empire's Kurdistan and divided it into three parts. Thus, with the Qajari (Persian) Kurdistan, Kurdistan was divided into four parts.

Hence, due to the importance of this topic, the researcher in this paper attempts to shed light on it. The paper consists of an introduction, two chapters and a conclusion.

Chapter one is: A Briefing about Sykes-Picot-Sazanov Agreement.


Chapter two: Ottoman Empire's Kurdistan in the agreement.


**وێنەکان**






**نەخشەی دابەشکردنی سایکس پیکۆ– سازەنۆڤ**






خريطة تبيّن حدود اتفاقية سايكس بيكو 1916